

# دەنگی هەنیسکەکانی دایکم

**قادر عەلیخا**
**(بۆکان)**

ئێستاش دوای سی و هەشت ساڵ کە پیاوێکی چل و هەشت ساڵەم، ئەوکاتەی دایکم هەناسەیەکی خەماوی هەڵدەکێشێت، دەنگی هەنیسکەکانی ئەو دوانیوەڕۆیەی نێوەڕاست مانگی پاییزیم بیردێتەوە کە لە نێوماڵە تاریک و قورماوییەکەدا لەلای تەندوورەکەوە دانیشتبوو، بەدەم گریانەکەیەوە دەیدان و لەگەڵ بارە بارِی گیسکەڕەش و خشەخشی بژاردنی پووڵەکانی بابم و بابەگەورەم دەگەیشتە لای ئێمە.

دوای پێکهاتن و نەزر و بێحکردنی گیسکەکان، سەی سەلام دەستی کرد بە بن پشتوێنە سەوزەکەیدا و لە گیرفانی ئاتەگی کەواڕەشەکەی چەکەیەکی پووڵی دوو هەزار تمەنی دەرهێنا و دایە دەست بابەگەورەم و گوتی: «ئەوە ببژێرە بزانە تەواوە. ئەوەی دیکەشت دوای بازاڕ بۆ دێنم.» بابەگەورەشم چەکە پووڵەکەی لە سەی سەلام وەرگرت و دەستی بە بژاردنی پووڵەکە کرد، ئەویش دوای بژاردنی پووڵەکە بە سەی سەلامی گوت: « بەڵێ تەواوە بەزیادبێت.».

دوایە چەکە پووڵەکەی نایە گیرفانی پاتۆڵە بۆرەکەی و بێ سەرنجدان بە بارودۆخی دەروونی دایکم، ئەویشی کردە ناو گیسکەگەلەکە و دەنگی دان. یەخخە، یخخە. ئەوکاتەی بابەگەورەم دەنگی دا و کردییە نێو گیسکەگەلەکەوە گیسکەڕەش وەک هەمیشە لەلای دایکمەوە ڕاوەستابوو، خۆی لە لاق و قولی هەڵدەسوو. بەدوای یخخەکەی بابەگەورەمدا سەی سەلامیش شووڵەکەی ڕاوەشاند و یخخخەیەکی درێژی گوت و وەپێشی خۆی دان. ئەوان بەڕێکەوتن و سەی سەلامیش ماڵاوایی لە بابم و بابەگەورەم کرد و وەڕێ کەوت.

ئەو هەر لەبەر ئەوە خۆشەویست نەبوو کە تەنیا گیسکەکۆڵەی نێو گیسکەگەلەکە بوو. ئەو سەرەڕای کۆڵەبوون، ڕەشییەکی تایبەتی بوو، ڕەشی قەترانی. لەو کاتەدا سەی سەلام شووڵە تەڕەکەی لێ ڕاوەشاندن و دەنگی دان، یخخخخە. دایکم لەلای لاشیپانی دەرگای حەوشەکەوە ملی بەلارەوەگرتبوو، پاڵیدابوو بە دیوارە قوڕەسواغەکەوە و چاوە پڕ لە خەم و تاسەکانی لە گیسکەڕەش و شووڵە تەڕەکەی سەی سەلام بڕیبوو. گیسکەڕەش هەر بە دەم ڕێوە چەند کەڕەتێک ئاوڕی لەدایکم دایەوە و هەموو جارێکیش وەک ئەوەی بە دایکم بڵێ: «مەهێڵە بمبەن، یان ماڵاوایی لێ بکات» پڕ بە دەم دەیباقاند. بااااا، بااااا.

دەمزانی دایکم بیر لە چی دەکاتەوە، ئەو بە من و نەسرین و گیسکەڕەشەوە سێ منداڵی هەبوو، هەرسێکمانی لە ئامێزی خۆیدا گەورەکردبوو. دەزانم ئەویشی وەک ئێمە خۆش دەویست و بە جەرگی خۆی دەزانی. ئاخر دایکەکان بە منداڵەکانیان دەڵێن: «جەرگ.» ئەوەنییە کاتێک ژنێک منداڵەکەی دەمرێت خەڵکی پێی دەڵێن: «جەرگی سووتا.»، یان کاتێک ژنە بەتەمەنەکان لەگەڵ یەکتری چاکوچۆنی دەکەن بە یەکتری دەڵێن: «جەرگت نەسووتێ.» جەرگت نەسووتێ، یانی مەرگی منداڵەکەت نەبینیت. دایکیشم وەک ئەوە وابوو جەرگی سووتابێت، چونکە دەیزانی تازە هەتاهەتایە چاوی بە گیسکە کۆڵە ناکەوێتەوە و ئەو بردنەی بردیان، بردنی یەکجارەکەییە.

ئەو ڕۆژەی گیسکەڕەشی تێدا لە دایک بوو زۆر چاکم لە بیرە، نێوەڕاستی مانگی زستان بوو. شەوەکەی بەفرێکی زۆر قورس باریبوو. نزیک نیوەڕۆ بوو. بابم و ئەوان هێشتا لە سەربان ماڵین نەبووبوونەوە. من و نەسرین لە نێوماڵەکەدا خۆمان کێشابووە بن کورسییەکە و دایکیشم تازە لە کانی، گۆزەیەکی ئاو هێنابوو، خەریکبوو بە گسکەکۆتەرەیەک بەفری دەرەلێنگی سەر پاتۆلە شینەکەی لێ دەکردەوە. ڕاست لەوکاتەیدا دایکم خەریکی لێکردنەوەی بەفرەکە بوو، دەنگی باڕەی بزنێک لە هۆڵی بزنەکانەوە هات و خۆی کرد بەنێوماڵەکەدا. بە بیستنی دەنگی باڕەی بزنەکە دایکم دەستی لە بەفرلێکردنەوە هەڵگرت و گسکەکۆتەرەکەی فڕێدایە لای کەوشکەنەکە و درگا تەنەکەکەی بەرەودیوی دەرێ پاڵتێوەناو بەرەو هۆڵی بزنەکان وەڕێ کەوت. هۆڵی بزنەکان کەوتبووە نێوان هۆڵی مەڕەکان و تەویلەی گا و مانگاکان. لەلای ئەوانیشەوە کادینەکە هەڵکەوتبوو. هەتا ئێمە گەیشتین، دایکم خۆی گەیاندبووە ژوورێ و بەلای بزنەکەوە هەڵترووشکابوو. بزنەکە بەزەوە بوو. بەردەوام دەینقاند و هەموو جارێکیش بەدەم نقاندنەکەوە یەک بەخۆی دەیباقاند.

بزنەکە هەر بە چوشتیری گرتبووی، لەبەر ئەوەش بۆ لێبوونەوەی دەبوو ئازارێکی زۆر بچێژێت. دیاربوو نێرییەکی هەوەسی بە زۆری تەپی دابووە سەری و ئاوسی کردبوو. وادیارە لە نێو ئاژەڵانیشدا وەک مرۆڤەکان گەورەی وا هەیە چاوی بەشوێن منداڵەکانەوەیە و حەزی لێیانە و دەستیان لێ ناپارێزن. بزنەکە یەکی ڕەشی قەترانی و جوان بوو. دایکم یەک دوو کەڕەت کلکی بزنەکەی هەڵێناو چاوی لەزێی کرد. لیمانێکی زۆر بەزێی بزنەکەدا هاتبووە دەرێ، بەڵام سەراوەکەی نەهاتبوو. دوای چەند تەکانێکی دیکە سەراوەکەی هاتە دەرێ . ئێمە بەلایەوە ڕاوەستابووین و هیچمان وستەمان (ورتەمان) لێوە نەدەهات. دیار بوو بزنەکە زۆری ئازار دەگەیشتێ. تەواو ماندوو بووبوو. ماوەیەک بوو نە قەوەتی لەخۆی دەدا و نە دەیباقاند. بێدەنگ

سەری خستبووە سەر دەستی ڕاستی و چاوەکانی لەسەر یەک دانابوون. وەک ئەوەی ویستبێتی پشوویەکی بێتەوەبەر و سەرلەنوێ دەسبکاتەوە بە هەوڵدان. دوای چەند خولەکێک سەری بەرەو بنمیچی هۆڵەکە هەڵبڕی و قەوەتێکی بەهێزی لەخۆی داو یەکێک بەخۆی باقاندی. بەو قەوەتەی سەراوەکەی تۆقی دوو سمی پێشەوەی کارژیلەکەی دەرکەوتن. سمەکانی زەرد و جوان بوون. بەهۆی ئەو ئاو و لیمانەی لەزێی بزنەکەوە دەهاتە دەرێ، دەتگوت بە حەوت ئاو شۆراونەتەوە و بەهۆی ئەو ڕووناکاییە کەمەی لە دەلاقەی هۆڵەکەوە دەهاتە ژوورێ و لە بزنەکەو دایکم و کارژیلەکەی دەدا، لە تاریکایی هۆڵەکەدا دەبریسکایەوە.

هەرچی بیرم لێ دەکردەوە چۆن دەکرێ ئەو کارژیلە زەلامە لەو کونە چکۆلەوە بێتەدەرێ مێشکم هەڵی نەدەگرت. بە تۆقینی سەراوی بزنەکە دایکم لەجێی خۆی جووڵەیەکی کرد و لە بزنەکە چووەپێشەوە و دەستی برد و نووکی سمەکانی کارژیلەکەی گرت و بەرەو دەرێ کێشانی. بە کێشانی دایکم، بزنەکە دەستی کرد بە قەوەتکردن و باقاندن. بەو تەکانەی دای، زێی بزنەکە لێک ڕەوییەوە و لمبۆزی کارژیلەکە لەسەر سمەکانەوە وەدەرکەوتن. دایکم بڕێکی هەوڵ دا هەتا بە کێشانی سمەکان کارژیلەکە ڕەهابێت و بزنەکە لێ بێتەوە، بەڵام بزنەکە دیسان مات بۆوەو نەیدەنقاند، دیاربوو بەو قەوەتانەی لە خۆی دابوو تەواو بڕستی لێ بڕابوو. لەگەڵ هەر قەوەتێکی بزنەکەدا دایکیشم خۆی توند دەکرد. وەک ئەوەی ئەویش خەریک بێت منداڵی ببێت.  ئەوەندەی خۆ توند کردبوو ئارەقە هەموو گیانی تەنیبوو. ترس و ماندووییەکی زۆریش بە ڕوخسارییەوە دیار بوو. کە ئەو نەیدەنقاند، دایکیشم ڕادەوەستا و بێدەنگ چاوی دەبڕییە بزنەکە. دیار بوو ئەو بەتەواوی هەستی بە ئازارەکانی بزنەکە دەکرد و دەیزانی ئێستا لە چ بارودۆخێکدایە. ئاخر ئەویش تا ئەوکاتە دووکەڕەت ژان گرتبووی و منداڵی بووبوو. بزنەکە یەک دوو کەڕەتی تری نقاند و هەر جارەو پڕ بە نێو هۆڵەکەش دەیباقاند. لەو چەند تەکانەشدا زێی زیاتر لێک ڕەوینەوە و لووت و لمبۆزی کارژیلەکە هەتا نزیک چاوی هاتنە دەرێ. زێی ئەوەندە لێک ڕەویبۆوە لەوانەبوو بپچڕێت. سوور سوور هەڵگەڕابوو. پێم سەیر بوو ئەو زێ بچکۆلە چۆن ئاوا ڕەویبۆوە و لێک نەدەپچڕا. دایکم چەند جارێک دەستی برد و لاقە باریکەکانی کارژیلەکەی گرت و بەرەو دەرەوە کێشانی، بەڵام لەترسی ئەوەی نەکا زێی بزنەکە هەڵدڕێت، دەستی لێ بەردان و دیسان چاوی بڕییەوە زێی بزنەکە و لاقەکان و لمبۆزی کارژیلەکە. خوێن و ئاو بە ئەم لا و ئەو لای لاق و لمبۆزی کارژیلەکەدا دەهاتە دەرێ و دەڕژایە سەر پەین و پاڵی تەرکی هۆڵەکەوە.

ماوەیەکی زۆری پێچووبوو من و نەسرین بێدەنگ ڕاوەستابووین و چاومان لە دایکم و بزنەکە دەکرد. چاوەڕێ بووین کارژیلەکە ڕەهابێت و بیبینین. دانە دانەی بەفر لەکولاوکەی بنمیچی هۆڵەکەوە دەهاتنە خوارێ و دەکەوتنە سەر شان و قۆڵی دایکم. دیاربوو دیسان بەفرەکە دایدابۆوە. دەنکە بەفرێک لە کولاوکەکەوە هاتەژوورێ و وەک پەپوولەیەک بە سەر ئێمە و بزنەکەدا چەند خولێکی خوارد و ڕۆیشت، ڕۆیشت و لەسەر لمبۆزی کاریلەکە نیشتەوە. لەوکاتەدا بزنەکە قەوەتێکی بەهێزی لە خۆی دا و سەری کارژیلەکە بەتەواوی هاتەدەرێ. ئەو کاتەی سەری کارژیلەکە تەواو هاتە دەرێ، زێی بزنەکە وەک فوودانەیەکی بای زۆر تێکەی، ئەوەندە لێک ڕەویبۆوە تەواو ناسک بووبۆوە و دیوی نێوەوەی دەبینرا و لەوانەبوو بتەقێت. بەهاتنی سەری کارژیلەکە، دایکم ئازا دەستی برد و سەری کارژیلەکەو هەردوو سمەکەی پێکەوەگرت و

دەری کێشا دەرێ و دەم و لووتی بۆ خاوێن کردەوە. دوای ئەوەی خاوێنی کردنەوە، سەرەتا فوویەکی بە دەمی و دوایەش فوویەکی بە کونە لووتەکانیداکرد. کارژیلەکە بە فووەکانی دایکم دووکەڕەت پشمی. دوایە بردی و لەبەردەم دایکەکەی داینا.

ئەو بزنانەی لە هۆڵەکەدا بوون وەک ئەوەی هیچ ڕوونەدات، هەریەکەو لەلایەکەوە خەوتبوون و کاوێژیان دەکرد. ئەوە نێرییەکەی کە دەبووە بابی کارژیلە کۆڵە، هەر خۆشی لێ بەخاوەن نەکرد. کارژیلەکە، کارژیلەیەکی ڕەشی قەترانی بوو. ڕەشییەکەی زۆر تایبەت بوو. دایکم چاوێکی لە بن کلکی کرد و ڕووی کردە ئێمە و کوتی:«مێوەیە.» نەسرین بەدیتنی کارژیلەکە بەسەرسوڕمانێکی تێکەڵ بەخۆشییەوە کوتی: «هەک چەندە ڕەش و جوانە. ئەوە کارژیلەی خۆمە. باشە دایەگیان؟ بۆ من باشە؟ دەیدەی بەمن؟ بەخودا بە کەسی نادەم. باشە دایەگیان؟؟»

دایکم کە هەروا لە دەمی بزنەکەو کارژیلەکەی دەڕوانیی لە بەر خۆیەوە گوتی: «باشە کچم، ئەوە بۆ تۆ.»

بزنەکە سەرەتا هەتا ماوەیەک ئەو سەرەی لەسەر پەینە تەرکەی تەرکی هۆڵەکە دانابوو، نەیجووڵاند. پشتەوەی بزنەکە لە بەر ئاو و خوێن تەوا و خووسابوو. کارژیلەکە کەوتبووە جووڵەجووڵ و دەیەویست هەستێتە سەرلاق، بەڵام هەمووجارێک بە زەوییەکەدا دەکەوتەوە. دوای برێک تەقەلالادان لاقەکانی هەڵێنا، بەڵام دەستەکانی بۆ نەدەچەقین. ئەوەندەی هەوڵ دا و کەوتەوە، هەموو گیانی لە پەین و پاڵەوەچوو، ئیتر سمە زەرد و خاوێنەکانی لەبەر ئەو شیاکە و پەینەی پێوەی نووسابوو دیارنەبوون. بزنەکە کە پشووی هاتەوە بەرخۆی سەری هەڵێنا و چاوێکی لە کارژیلەکەی کرد. دوایە تەکانێکی لە خۆی دا و هەستا سەرپێ و دەستی کرد بە لستنەوەی کارژیلەکە. ئەوەندەی لستەوە تەواو ویشکی کردەوە. کارژیلەکە کە ویشکەوەبوو، بەتەکانێک لەجێی خۆی هەستا سەرپێ و سەری بەرەو گوانی دایکیی وەرگێڕا و دەستی کرد بە لمبۆز کوتاندن. دایکیشم کە دیتی خەریکە بەشوێن گوانەکانی دایکیدا دەگەڕێت هەڵترووشکاوە و دەمی کاریلەکەی برد و نای بە گوانەکانی دایکییەوە. سەرەتا جوان نەیدەگرتن، بەڵام دوای چەند جارێک دەم تێکوتان، گوانەکەی گرت و دەستی کرد بە مژینی گوانەکە و خواردنەوەی ژەکەکەی. بەو مژینەی کارژیلەکەی گۆچ کرا. کارژیلەش کە تەواو گوچ بگرێت، ئیتر لەخەم دەرەخسێت. لەو ماوەیەدا بزنەکە پزدانەکەشی خست.

دایکم چوو لەحەوشە پێمەڕەیەکی هێنا و کردی بە ژێر پزدانەکەدا و هەڵیگرت و بردی فڕێی دا دەرێ و پێمەڕەکەی لە حەوشە بەجێ هێشت و هاتەوە. دوای ئەوە دایکم کارژیلەکەی هەڵگرت و بردیە لای سەری دایکەکەی، ڕووی کردە ئێمەو کوتی: « تەواوە، وەرن بابڕۆینە ژوورێ. دوای ئەوەی نان و چایی نیوەڕۆمان خوارد، دێین و سەری لێدەدەین.» ئەو ڕۆیشت و ئێمەش بەشوێنیدا چووینە دەرێ. دوای ئەوەی نان و چایی نیوەڕۆمان خوارد، چووینەوە بۆلای کارژیلەکە. دیتمان دایکەکەی ڕاکشاوە و کارژیلەکەی بە دەوریدا دەخولێتەوە. کاتێک دایکم ویستی هەڵیستێنێت و کارژیلەکە بخاتە بەری، دیتی دایکەکەی هەر لەو جێیەی زاوە مرداربووەتەوە و خۆی ڕۆیشتووە و کارژیلەکەی بۆ دایکم بەجێ هێشتووە.

بە مردنی دایکەکە هەموو گوتیان کارژیلەکەشی دەمرێ و ناژی، بەڵام دایکم بەڵێنی دا بە

هـەر شـێوەیەک بێت بەخێـوی بـکات و نەهێڵێت بمرێت. بابەگـەورەم و بابـم بەڵێنیـان پـێ دا ئەگەر بەخێـوی کـرد و نەیهێشـت بمرێـت، کارژیلەکـە بـدەن بەخـۆی، ئیتـر هەموویـان پێیـان دەگـوت کارژیلەکەی وەنەوشە.

لــەو ڕۆژەوە کاری دایکـم دەسـتی پـێ کـرد، لەبـەر ئـەوەی هیـچ مـەڕ و بزنێکمـان نەزابوو. شیر دەست نەدەکـەوت. دایکـم بووە دەرۆزەکەری شیر بۆ کارژیلـە ڕەش. مـاڵ بـە مـاڵ دەگـەڕا و شـیری وەردەگـرت و دەیکـردە شووشـەی مەمکەمـژەوە و دەیکرد بـەدەم کارژیلە ڕەشـەوە. بەهۆی دڵسـۆزی و هەسـت بـە بەرپرسـیارەتیکردنی دایکمـەوە کارژیلــەڕەش کۆتەڵەبـوو، لەمــردن خەلەســی. دایکـم زۆر دڵسـۆزانە پێـی ڕادەگەیشـت. هـەر لەبـەر ئـەوە، ئەوەندەجوانـی هەڵدابـوو. دەتگـوت بـە دوو دایـک بەخێـوی دەکـەن. زۆر زیتەڵـە و وریا و بـزۆز بـوو. دوای ئـەوە بەتـەواوی زەو کـەوت و بزنەکانـی دیکـەش زان شـیری بەشـی ئەویـش زۆر بـوو. لەبـەر ئـەوەی لـە هەموویـان هەراشـتر بـوو. بـەردەوام هەڵبەزدابـەزی بـوو، دەتگـوت جیـوەی تێکـراوە و لــە هیــچ جێگەیــەک نەدەسـرەوت. بەهاریش کـە دەرکـران، ئـەو دەشـتەی بە هـەراس هێنابـوو. لــە کاتــی قەلانەکرنــدا پێــش هەمــوو بــەرخ و کارژیلــەکان دەکـەوت.

ئـەو بۆنـی دایکـی نابـوو بـە دایکمـەوە. لەوانەیـە ئەگـەر بڵێـم ئەویـش بـە ئەنـدازەی ئێمـە دایکمـی خـۆش دەویسـت، درۆم نەکـردووە. دایکـم لــە هەرجێیــەک بووایــە، ئەویـش لــەوێ بــوو. زۆرجـار خـۆی دەکـرد بـە ژووریـدا و بـە شـان و کۆڵیـدا هەڵدەگــەڕا و کایــەی لەگــەڵ دەکــرد و دوای ماندووبـوون لـە قـەراغ تەندوورەکـە لـەلای دایکمەوە دەخـەوت. دەنگـی دایکمـی لە دوورەوە دەناسـییەوە و بەبیســتنی دەنگــی ئــەو دەهاتــە بــەردەرگای هۆڵەکـە و دەسـتی دەکـرد بـە باڵـە بـاڵ. بەهـار کـە داهـات لەکاتـی تێبەردانـی بـەرخ و کارژیلەکانـدا هەمــوو بــەرخ و کارژیلــەکان بــە دوای دایکیانــدا دەگـەڕان، ئەویـش چـاوی لەدایکـم دەگێـڕا و ئـەو لـە هـەر جێیـەک بووایـە خـۆی دەگەیانـدێ و بەشـە شـیری خـۆی لـە شووشـەمەمکەکەدا دەخـوارد.

کاتێـک دوای ئـەو هەمـوو ماندووبـون و دڵسـۆزییەی دایکـم، بابـم و بابەگـەورەم بەڵێنەکەیـان شـکاند و لـە دایکمیان سـەندەوە و فرۆشـتیان و سـەی سـەلام دایە پێـش خـۆی و بـەرەو چارەنووسـێکی نادیـار بـردی. دیـارە دایکـم هەسـتی بـە ئازارێکـی زۆری دەروونـی دەکـرد. دایکـم هیچـی نەدەگـوت. سـەی سـەلام و گیسـکەکان دەڕۆیشـتن و لـە ئێمـە دوور دەکەوتنـەوە. دەنگــی بــاڕە بــاڕی گیســکەڕەش هەردەهــات و دەگەیشـتە لای ئێمـە. بـە ڕۆیشـتنی ئـەوان، بابـم و بابەگـەورەم چوونـەوە وەتاغەکـەی سـەرێ و دایکیشـم هەتـا ئـەوان لەچاوان ون بـوون، لەشـوێنەکەی خـۆی نەبزووت و پشـتی لە دیوارە قوڕەسـواغەکە نەکردەوە. ئێمــە کــە هەســتمان بــە دڵتەنگــی و خەمبــاری دایکمـان کردبـوو، چوویـن باوەشـمان بـە لاقەکانیـدا کـرد و لەلایـەوە ڕاوەسـتاین. هەتـا سـەی سـەلام و گیسـکەکان لـە ملـەی کێـوی تۆڵەکـە ئاودیوبـوون هەر چاومـان لـێ کـردن. کـە ئـەوان ئاودیـو بـوون، دایکـم چـووە نێوماڵەکـەوە. مـن و نەسـرین لەسـەر بـەردی پلیکانەکـەی بـەردەرگای نێوماڵەکـە دانیشـتین. بابـم و بابەگـەورەم لـە وەتاغەکـە خەریکـی بژاردنـەوەی ئەو پووڵانەبـوون کـە لـە بابەتـی فرۆشـتنی گیسـکەکان وەریـان گرتبـوو. ئێمـە لەلایـەک دەنگـی خشەخشـی بژاردنـی پووڵەکانمـان دەبیست، لەلایەکیـش گوێمـان لـە دەنگـی باقەباقـی گیسـکەڕەش و هەنیسـکەکانی دایکـم دەبـوو.

٢٧٢٥/٢/١٩